www.kurdistannet.org
7-3-2007 20:35 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕاپەرینی جەماوەر و زەماوەندی پێشمەرگە. . . جەلال ڕەووف ئەمین

ماوەی چەند هەفتەیەک بو لە دەست ئەشکەنجەی ئەمنی سلێمانی ڕزگار ببوم و لە زیندان هاتبومە دەر، کەسێک هاتە بەردەرگای ماڵەکەمان و پێی وتم من




سەرکەوتم* ئێستا کاک ئاکۆ چاوشین لەناو شاردایە و منی ناردووە کە چیت هەیە پێی بگەیەنم وە ئەم 70 دینارەشی بۆ ناردوی، سەیرە (سەرکەوت: نێردراو، قەندیل: نێرەر، هیوا: وەرگر واتە خۆم) ئەمە ئەو نهێنیانە بون کە شەهید دکتۆر عەلی بە ئاگاداری کاک ئاکۆ و کاک فازیل بە منی دابو بۆ کاتی پەیوەندی کردن کەچی سەرکەوت بەمنی ئەوت تۆ جەلال کوردیت و بە نێرەریشی ئەوت کاک ئاکۆ ئەمە لەو کاتانەدا کە چەندین جار پرسیارەکانم لێ دوبارە ئەکردەوە، گومانی نەزانینی ناوە نهێنیەکان وایکرد بە پێچەوانەی ویستەوە وەڵامەکان بدەمەوە بەڵام بەڵێنی ئەوەیدا جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ لام لە دوایدا بە پەلە تەتەرێکی ناوچەی سلێمانیم دۆزیەوە* و ڕاپۆرتێکم پێدا نارد و ڕوداوەکە و چۆنیەتی گیرانەکەشم بۆ ڕون کردنەوە، لە چاوەڕوانیدا بوم نە وەڵامی ڕاپۆرتەکەم دەست کەوتەوە نە سەرکەوتیش گەڕایەوە، لە 25-1-1991دا بە ڕێکەوت برایەکم* وتی تۆ کەسێک ئەناسی پێشمەرگەی ناوچەی سلێمانی بێت بە ناوی هیوا کوردی وتم لەوانەیە منبم بە تێکەڵی، ناوی نهێنیم هیوایە و ئاشکراش جەلال کوردیم کاتێک ساغ بووەوە منبوم نوسراوێکم لێوەرگرت بە مۆری ناوچە و ئیمزای کاک فازیلەوە کە ڕونکردنەوە و ڕیزبەندی کۆمەڵێک خاڵی داواکاری بو لە زەمینە سازدانی ڕاپەڕین و ئەرکەکانیدا، لەو کاتەوە بەسەرکدنەوەی بەردەوامی یەکتر و پەیوەندی کردن بە چکدارانی خەفیفەوە ببونە ئەرک و کاری ڕۆژانەمان چەند کلاشینکۆفێک لە کاک خالید تاتانی وەرگیرا کە فەرماندەی سریەی خەفیفە بو وە پەیوەندی کرا بە 2 بەرپرسی سریەی ترەوە کاک فاتیح محەمەد فەرەج، کۆچ کردو بەرێز جەمال حەمەئەمین عەبدوڵەحمان وە تاکتاکیش لەگەڵ چەندین چەکداری تردا، خوێندکاران و خەڵکانێکی زۆر لە ماوەیەکی کورتدا لە پلانی ڕاپەڕین ئاگادار ئەکران و ئەوانیش ئامادەباش و لە چاوەڕوانیدا بون، نە من وەک پێشمەرگە و بەرپرسی خەتی 3 نە ئەوانەی سەروی منیش کە پارتی بوین لەناو شاری سلێمانیدا هێچمان ئاگادار نەبوین بەرەبەیانی 7-3-1991 تەقەی ڕاپەڕینی جەماوەر و زەماوەندی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستی پێکرد، ئەو بەیانیە ئێمە کۆمەڵێک چەکمان لە مستەشار کاک شێخ محەمەد باساکی وەرگرت سریەی خەفیفە ئامادە کراوەکانیش سەیارە و چەک و جبەخانەی فەوجەکانیان هێنا و لە دەوری یەک کۆبوینەوە چەند مەفرەزەیەکمان بۆ جێگا نەگیراوەکان نارد پەیتاپەیتا سەیارە و چەکی جۆربەجۆر ئەهێنران و کۆئەکرانەوە ئێمەش 3 بارەگای سەر بە خەتی 3 مان لە 3 شوێنی جیاواز دامەزراند لە 2 خوێندنگای خۆشناوی سەرەتای و ناوەندی بنار لە شارۆچکەی عەربەتیش دانەیەک بەڵام بەداخەوە هێزی ئامادەکراوی پارتی وەک لە نوسراوەکەی 25-1دا ڕاگەیەندرابو وادەرنەچوو زۆر دواکەوتن کاتێکیش هاتن دیوەخانی مستەشار و جاش فەرماندەیان گەرم کرد و تەنها ئەوان سێو لە باخەڵی ڕاستەقینە و کوڕانی ڕۆژی تەنگانەی پارتی بون کورتە نمونەیەک لەو ڕۆژەی کاک نێچیر هات بۆ سلێمانی داوای کردبو چاوی بە بەرپرسی خەت و نوێنەری ڕێکخستنەکانی شار بکەوێت منێش لەسەر بڕیاری کاک فازیل چوم بۆ ئەو کۆبنەوەیە بریا نەچوبام بەڵام باشبو هەرلەسەرەتاوە کاک کەمال حەسەن چاومار منی کردە دەرەوە و وتی ببورە ئەم کۆبونەوەیە جودایە زیاتر خەڵکەکە لە خەڵکی خەتی چاش ئەچون نەک خەڵکی خەتی نهێنی، هێزی خەتی 3 جگە لە ئەرکەکانی ڕاپەڕینی ناو شاریی سلێمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەشداریەکی کاریگەری کرد لە ڕزگار کردنی کرکوکی بوکی ئازادی ئەو ساڵەی زەماوەند و ڕاپەڕیندا، بۆ شەهید و بریندارەکانمان تەعزێنامە و سوپاسنامەی ناوچەی سلێمانیمان پێگەیشت، ڕۆل و جۆری دەسکەوتەکانیش هاوپێچ بە دۆکومێنتەکان لە 1993دا لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤیزیۆنی کوردستاندا باسم کردون هاوکات لە ساڵیادی ڕاپەڕینی جەماوەر و زەماوەندی پێشمەرگەدا. 1* سەرکەوت کاک دڵشاد بو کە ماوەیەک بەرپرسی ئاسایشی چوارتا بو

2*براکەم کاک عەبدوڵەحمان سەنگاوی

3*تەتەری ناوچەی سلێمانی لەو کاتەدا کاک شێخ لوقمان

بەریتانیا 7-3-2007

garmyan@hotmail. co. uk

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.